نوێژەکانم لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامدەدا، نوێژەکەی مامناوەند بوو و وتارەکەیشی مامناوەند بوو

لە ئەبی عبدالله جابری کوڕی سەمورەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «نوێژەکانم لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامدەدا، نوێژەکەی مامناوەند بوو و وتارەکەیشی مامناوەند بوو».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

نوێژی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و وتارەکەی لە نێوان درێژ وپوختی بوو، واتا مامناوەند بوو، وئەو پێشەوای مسوڵمانانە بە شێوەیەکی گشتی، وهەروەها بۆ پێشنوێژ و وتاربێژەکان بە تایبەت، بۆیە نابێت ئەم فەرموودەیە وەکو بەڵگە پشتی پێ ببەسترێت بۆ کورتکردنەوەی نوێژەکان وتەواو کردنی هەروەکو شێوازی دەنووکدان و هەمان شت سەبارەت بە وتارەکانیش، ڕێبازی سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەڵگەیە لەسەر میانڕەوی ومامناوەند بوون، وهەروەها دەکرێت هەندێک جار درێژ بکرێتەوە بە بێ بێزاربوونی نوێژخوێنەکان وڕەچاوکردنی حاڵیان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5817